سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆشکی سەلام میوانداری کۆبونەوەیەکی لێگەڵ مەسعود بارزانی کرد



هێژی پێنجشەممە، عەبدوللەتیف رەشید، سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆشکی سەلام لە بەغداد میوانداری کۆبونەوەیەکی لێگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، کە ژمارەیەک لە سەرکردەی هەزب سیاسییەکان ئامادەیبون.

سەرچاوەیەتی کۆمار ڕایگەیاند، بەر لەو کۆبونەوە فراوانە، سەرۆک کۆمار دیدارێکی دوقۆڵی لێگەڵ مەسعود بارزانی ئەنجامداو ئاماژەی کرد بە "گرنگی سەردانەکەی لە پێشخستنی گفتوگۆی بنیاتنەرانە لەنێوان هەزبە نیشتمانییەکان بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری"، هەروەها هیوای خواست دەرئەنجامەکانی سەردانەکە خزمەت بە عێراقییەکان بکات.

بەگوتەری ڕاگەیەندراوەکە، لەمیانی دیدارە دوقۆڵییەکەدا، جەخت لەسەر "گرنگی گفتوگۆی کارا و جددی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان کرایەوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە هەڵپەسێردراوەکان بەگوتەری دەستور و یاسا، بەجۆرێک کە مافەکانی هاوڵاتیان زامن بکات" و هەروەها جەخت لە گرنگی بەهێزکردنی یەکێیزی نیشتمانی کرایەوە لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی هاوڵاتیان و گرنگیدان بە باشترکردنی بارودۆخی ژیان و خزمەتگوزاریەکان".

دواتر سەرۆک کۆمار میوانداری کۆبونەوەیەکی کرد لێگەڵ مەسعود بارزانی، کە ژمارەیەک لە سەرکردەی

هەڕەشەی سیاسییەکان ئامادەی بوون، لەو کۆبونەوەیدا عەبدوللەتیف رەشید"ستایشی پەیوەندی ئاسایی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشچونی کرد، هیوای خواست هەموو پرسە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەربکرێن بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە بودجەی دارایی و دەرکردنی یاسای نەوت و غاز و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستور".

لای خۆیەوە مەسعود بارزانی ئاماژەی بۆدا، کە "ئامانجی سەردانەکەی بۆ بەغدا بەهێزکردنی پەیوەندی و هاریکاری نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و یەکلاکردنەوەی پرسە هەڵپەسێردراوەکانە بە خزمەتی هاوڵاتیان" و وتیشی"پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان ئەرێنییەو بەئاڕاستەیەکی دروستدا دەڕوات، هەروەها جەختی لە پاپشتی هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتدا و هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش بۆ یەکلاکردنەوەی سەرجەم دەسیەکان لەپێناو بەدیهێنانی خواستی رەواکانی گەل".